# ئەنارشیزم و هونەر

نووسینی :مەهدی سقایی
لەفارسیەوە : هەژێن

ئـەگـەر ئامانجت دابینکردنی ئـازادییـە، دەبـێـت دوور لەفەرماندان و ناچارکردن رەفتار بکەیت (Bergman) کاتێك کەباس دێتەسەر ئەنارشیزم، پیاوێکی توکنمان دێتە بەرچاو، کەکلاوێکی پانوپۆری لەسەرەو بۆمبایەکی دەستکردی لەگیرفاندایە! بـەڵام پـاش خوێندنەوەی نووسینەکانی هێربێرت رید (1893–1968) (Herbert Edward Read) هونەرو فەیلەسوفی هونەر، بێگومان ئەو وێناندنە لەبیرماندا کاڵدەبێتەوە، وێنایەك کەبەوتەی (رید) دەستکردی چاپەمەنییەکانی بۆرژاوزییە!

واژەی ئەنارشیست بەزۆری لەبیری ئێمەدا بێسەرەوبەرەیی، توندوتیژیو بەرەڵایی دەگەیێنێت، بـەڵام (هێربێرت رید) لەپەرتووکەکەی خۆیدا "ئەنارشیزم رامیاری هونەرانە" پێیوایە کەمرۆڤ ساڵانێکی لەتەك ئەم تێگەیشتنانەدا دەژی، هەڵبەتە نەك بەهۆی ژیانەوە لەکۆمەڵگەی ئەنارشیستیدا، کەهەرگیز لەئارادا نەبووە، بەڵکو هەر لەسەردەمی زاڵی دەوڵەتە میللییە هاوچەرخەکانی سەردەمی ئێمەدا.

بەبڕوای ئەو، شارستانییەتی ئێمە ئەوپەڕی سوارییە! لەهیچ سەردەمێکی مـێژووی مرۆڤدا، وەهـا ئاشوبێکی کۆمەڵایەتی پێشینەی نـەبووە، ئاشوبێك کەلەشێوەی هەمباری چەکە کیمیاییو ئەتۆمییەکان، جەنگەکانو مشتومڕە توندوتیژەکان، هەژاریو برسیەتی، نەخۆشخانە دەروونییەکان خۆی دەردەخـاتو ئەم هەمووە، بەرهەمی رامیاری کردەیی سەردەمی ئێمەیە، فەیلەسوفی ئەنارشیست دەبێت کاری خۆی بەخستنەڕووی پوچیو بێواتاناییی ئەم رامیارییە کردەییە، کەزۆربەی بەئەنارشیزم دەچوێنرێت دەستپێدەکاتو لەراستیدا خوازیاری کۆتاییهێنان بەم بارو هەلومەرجەو هێنانی سیستمێکی نوێ بێت بۆ جیهان، ئەم شتە تەنیا کاتێك دەلوێت، کەشارستانییەتی ئێمە سەرلەنوێ دروستبکرێتەوە، چونکە بێجگە لەمە، هەموو چالاکییە هزرییەکانمان بێسوود دەبن.

هێربێرت رید پێیوایە، کەتەنیا رێگە بۆ بەدیهێنانی ئەم سیستمە نوێیە، راپەڕینو شۆڕشە، بەڵام پێی لەسەر دادەگرێتەوە، کە کاراترین شێوەی یاخیبوونو شۆڕش لەدونیای پڕ توندوتیژیدا، کەئێمە تێیدا دەژین، ناتوندوتیژییە! کرۆکی گشتی راپەڕینو یاخیبوون، نیشانەی ئەوەیە شۆڕش شێوەی پوچو کەمتەرخەم دەگرێتو ئەمەش لەتوانادا نییە، مەگەر ئەوەی شۆڕش لەشێوە باوەکانی بیرکردنەوەو شێوە باوەکانی مۆراڵی مرۆڤەکاندا روویدات، بەبڕوای " ئەو"شۆڕش لەواتا کلتوارییەکەیدا بەتوندوتیژیو لێدانو زۆر بەدەست نایێت، بەڵکو شۆڕش دەبێت لەبیروکرداری مرۆڤەکاندا روویـدات، شۆڕش لەتێگەیشتنی گشتیدا هیچ ناگۆڕێت، بەڵکو تەنیا دەستەیەك لەسەروەرانو ئەربابان لەشوێنی

دەستەیەکی تردا دادەنێت، بەڵام "شۆڕشی راستەقینە بەواتای جێگیرکردنی بەهای مرۆیی نوێو پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێو هەڵگەڕانەوەی روانگەی مرۆڤ بۆ مرۆڤە"، ئەم شۆڕشە دەستبەجێو بێ پەیوەستە، هەر ئێستا لەهەر شوێنێك کەهەین، دەبێت رووبداتو ئەمەش واتە، گۆڕینی پەیوەندی دەسەڵاتدارانەی نێوان ژنانو پیاوان، دایکانو باوکان و منداڵانو.

ناتوانرێت ئەم هەنگاوە شۆڕشگێڕانەیە تێکبشکێنرێت، چونکە لەژیانی رۆژانەدا سەرهەڵدەدات، لەو کەلێنە وردانەدا کەدەستە زۆردارەکـان، دەستانی زلو داپلۆسێنەرەکانی دەوڵەت ناتوانن بەئاسانی بیگەنێ، چونکە سروشتی مرۆیی دەگۆڕێتو ئەمە زەمینەی گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆییە.

خاڵێکی تر کەلەتێڕوانینەکانی (رید) دا دەستبەجێ لەگەڵ وێناندنی ئێمە بۆ ئەنارشیزم لەناکۆکیدایە، دەربڕینی ئەوە لەمەڕ هونەرمەندو تاکایەتی مرۆیی ئەو دەڵێت "بەهای شارستانییەك، تەنیا بەچۆنایەتیو دەستکەوتەکانی نوێنەرانی، واتـە فەیلەسوفانو هونەرانو هونەرمەندانی هەڵدەسەنگێندرێتو پێشکەوتن بـەواتـای بـەرەبـەرە جێکەوتەبوونی بەرجەستەییو چۆنایەتییەکان لەنێوان کەسەکان دێت، بەو رادەی کەکۆمەڵگە زۆرتر پێشبکەوێت، تاك بەرۆشنیو دەرکەوتیی زیاترەوە لەبەرامبەر گروپدا جێدەگرێت"، بەم پێیە یەکەو توخمی بنەڕەتی داهاتوو، تاکە دونیایەك خۆی لەخۆیدا خۆپەسەندەرو خۆئافەرێنەر، کەئازادانە دەبەخشێتو وەردەگرێتو بەپێی پێداویستی گیانێکی ئازادە! مرۆڤی راستەقینە کەسێکە کەخۆی دوورو سەربەخۆ لەگروپ رابگرێت، هونەرمەند تاکێکی دەرکەوتەیە، ئەو بەپێداویستی کەسێکی ئەنارشیستەو لەتەك هەموو واتاکانی دەوڵەتی رێکخراو، نەیارە چ ئەوەی کەلەرابردووەوە بۆمان ماوەتەوەو چ ئەوەی کەبەناوی داهاتووەو بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنرێت، ئەنارشیست ئاوارەی بێباوەڕی سەرزەمینی بێخاوەنی خەیاڵی خۆیەتیو ناتوانێت بەبێ دەستکێشانەوە لەئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی، لەسەر خانە بێگیانەکانی پارتێکی رامیاریدا ئارام بگرێت، بەڵام لەسەردەمی ئێمەدا هونەر بەهەر شێوەیەك بووە، نەزۆك دەکرێت، ئەمە چارەنووسی جیهانی هۆنەرانەیە!

شارستانییە دۆگم ئەندێشەکانی رۆژگاری ئێمە، بەپێی چییەتیو پێکهاتەی بنچینەکانی خۆی، بەها گەلێك لەنێو دەبەن، کە هونەرمەند لەتەکیانو لەپێناویان دەژی، نەزانیو بێدەربەستیو بێدادی سەرمایەداری، کەهونەر تائاستی پیشەگەری دادەگرێت، دیوی تری دراوێکەکە، خوازیاری سوود وەرگرتنە لەهونەرمەند بۆ مەبەستە رامیارییەکانی خۆیو لەدەوڵەتە سەراپاگیرەکاندا ئەمە بەڕوونی دەردەکەوێت.

"رید" دەڵێت دەوڵەتە پاوانکەرەکانی جەنگەکانو شۆڕشەکان، بەرێکیان بۆ رۆشنبیریو هونەر نەبووە، لەبەرئەوەی کەهیچ بەرهەمێکی بۆ ئازادی نەداوە! ئازادی پرسێکی دەروونناسانەو کەسییەو بارودۆخێکە، کەگیانی مرۆڤ تێیدا بەخۆبەخۆییو داهێنان دەگـاتو تاکاتێك کەدەوڵەتبوونی هەبێت، ئازادیبوونی نابێت، پێشنیاری وی بۆ لەناوبردنی دەوڵەت لەژیانی مرۆڤدا، روونانە لەرامیاری ناوچەیی ( محلی )و بەفەرمی ناسینی مافی خۆ بەڕێوەبەری ناوچەیی خەڵکە، بەمجۆرە نوێنەرانی رامیاری جێگەی رامیارکارانی پیشەوەر دەگرنەوە، رامیارکارانی خوو سەیر، کەبێجگە لەگەیشتن بەپلەوپایە سەودایەکی تریان لەسەردا نییەو هاندەریان هەمیشە پلەوپایەخوازی کەسیو دیوانەیی خۆ زلراگرتنە! هەر ئەمانە بەسن بۆ ئەوەی هەر کەسێك دووچاری گەندەڵی دەسەڵاتی بکەن.

بـاوەڕی (هێربێرت رید) لەمەڕ دادپـــەروەری، ئـازادی، ئایینو، هیتر لەتەك پێشینەی بیریی ئێمە دەربارەی واژەی ئەنارشیزم، جیاوازی زۆری هەیە، لەوانەیە ئەگەر ئەو ناوێکی دیکەی لەباوەڕەکانی خۆی بنایە، دەمانتوانی ئاسانترو دوور لەپێشداوەری، لەتەك نووسینەکانی ویدا پەیوەندی ببەستین، ئەو هەر خۆی بەوەدادەنێت، بەڵام وا دیارە ناوێکی باشتری لەئەنارشیزم بۆتێڕوانینەکانی خۆی نەدۆزیوەتەوە، هەرچۆن بێت، ئەوەی کە (رید) باوەڕی پێی هەیە، هەرچەند بۆی هەیە لەڕوانگەی ئێمەوە ئامانجگەلێکی خەیاڵی، دوور لەکەتوارو تەواونەکەر دانی بێنە پێشچاو، بەڵام لەوانەیە بتوانین لەم بـاوەڕەدا، لەتەك ویدا هاوڕا بین، کەتەنیا ئامانجە سادەو نازیریو پشتبەستوو بەشەیداییو هەستەکان، دەتوانن مرۆڤ بەدرێژەدان بەژیان هیواداربکەنو هێزی گۆڕینو بزوتنەو ژیانی پێببەخشن!.

سەرچاوە:

http:anarchygeography.blogfa.com/*post-142.aspx

*زانیاری زیاتر لەمەڕ ژیانو کارەکانی (Herbert Edward Read) دەتوانن لەم لینکەی خـوارەوەدا بەدەستبهێنن http://kirjasto.sci.fi/hread.htm